## ئاشکراکردن‌ودادگایی کردنی بەعسی‌یەکانی ناو یەکێتی‌وپارتی، هەر ئێستا!

جمال محسن



بۆ یەکێتی‌وپارتی‌یەك کە ساڵهای ساڵە بازرگانی بە مەسەلەی ستەمی میللی سەر خەڵکەوە ئەکەن، هەبوونی لیستێکی دوورودرێژی بەعسی‌یەکان لە ڕیزەکانیانداوبگرە لە نێو سەرکردایەتی‌وکاربەدەستە حزبی‌وحکومی‌یەکانیاندا شتێکی سەرسوڕهێنەر نی‌یە. ئەوان هەرگیز بچوکترین ڕێزیان بۆ ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانیاندا خۆش باوەڕکرابوون‌و بەکوشت دران، دانەناوە. هەر ناوە ناوەوبە پێی لێژبوونی گلۆڵەکانیان، کەوتوونەتە سات‌وسەودا لەگەڵ بەعس دا. لە ناوزەدکردنی بەعسەوە بە ڕەفتارفاشی، هاتوونەتە سەر ناوبردنی بە ئەندازیاری ئۆتۆنۆمی‌وناوبردنی بە ڕەفتار باشی. لە بەشاخ دا دان‌وهەڵخەڵەتاندنی لاوان‌وخەڵکەوە بە ناوی خەبات بۆ ڕزگاری، بۆ گرتنی ملی ڕێگای بەغدادومەرایی بۆ ڕژێم‌و لەوەش واوەتر بە دەستەوەگرتنی تراژیدیاکانی سەر خەلکی کوردستان وەك ئەنفال، کیمیاباران، ئاوارەیی بۆ سات وسەودا و چاوبڕینە دەسەلاتی بەعس تا شتێکیان پێ ببڕێ، دریغیان نەکردوە.

سەران‌وسەرکردایەتی ئەو دوو حزبە قەومی‌یە، وە ئەوانەی تریش کە هەر جارەولەژێر باڵی یەکێك لەماندا خۆیان حەشار ئەدا، هەرگیز بەوەوە مەشغوڵ نەبوون کە ئەو ڕژێمە بڕوخێ یان ژیانی خەڵك بەرەو باشی بڕوات. ئەوەی ئەوان بۆیان گرنگ بوو، بەشداری لە دەسەلاتی مەرکەزی کۆکردنەوەی پارەوپول بوو بە هەر نرخێك بێ. ئەگەر ئەمە لای دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە دەست کەوتبێ، بەجۆرێك کەوتوونەتە وەصف‌ومەدح‌وسەنایان، کە هیچ کاربەدەستێکی خودی ئەو وولاتە ئاوها بە مەرایی‌یەوە وەصفی خۆیانی نەکردووە. پارە لە ئێران بووبێت، خومەینی بۆتە پیرۆزترین ڕابەری دینی لایان‌وئەمانیش موریدیان. کاتێك تورکیا دەمی چەور کردبن، ئەوا موئەیدینی عەیارە بیست‌وچواری ئەتاتورك بوون. کاتێکیش لای ئەمانەوە هیچ نەمابێ، بەعس دزە نیگایەکی ئاراستەکردبن، ملیان لە موو باریکتر بووەوتەنانەت بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەو، کەوتوونەتە نەخشەی تەفروتووناکردنی یەك.

بۆیە بۆ مێژوویەکی ئاوها پڕ لە بەکرێگیراویی بزووتنەوەی کوردایەتی‌وئەحزابەکانیدا، چ شتێك لەوە ئاسایی ترە کە نەك هەر لە ڕیزەکانیان بگرە لە سەرکردایەتی‌یەکانیشیاندا کادران‌وخزمەتکارانی بەعس هەبن؟! کەسانێك کە چەند ساڵە بە ناوی ڕابەرانەوە بە خەڵك فرۆشراون، ماهیەت‌وناوەڕۆکیان بەعسیستی‌یە. کەسانێك کە تەنانەت لەم 12 ساڵەی پێشوودا کە بەعسیش لە کوردستان نەمابوو، کرابوون بە حاکم بەسەر خەڵکەوەو وەك نوێنەرانی بەعس لە نێو دادگاکانی شارەکاندا بە یاساکانی بەعس مامەڵەیان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، خەڵکی پێشکەوتنخوازوموخالفینی خۆیان دا ئەکرد. وە وەك کەسی بەرێزوخانەدانێك کە ئەبێ خەڵك دەست لەسەر سنگ بۆیان بوەستێ پۆستەکانیان دابوونێ. ئەوە ئەوان بوون کە ئەبوایە بە خاوەنانی ئەنفالکراوەکانیان بووتایە، لە چارەنووسی کەس‌وکارتان ئەکۆڵینەوەو ژیانتان تەئمین ئەکەین! ئەوان بوون کرابوون بە بڕیار دەر بۆ ژیانی خەڵك. . . . . وە هتد. گاڵتەجاڕی‌یەکە لەوەدایە کە ئەمانە لە پەنا دەستی ڕابەرانی کوردایەتی، تاڵەبانی‌وبارزانی، دا بوون وە هەمیشە لە لیستی پێشەوەی کاندیدەکانی ئەواندا بوون بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەیان بۆ سەرکردایەتی!

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئەو کاتە، ئەم حزبانە کاریان بەوە هەبوو کە هەمیشە لەگەڵ بەعسدا لە کەین‌وبەیندا بن، بەڵام ئێستا بۆچی وورتەیان لە خۆیان بڕیوە؟! بۆچی نەك هەر بێدەنگن بگرە ئەشیانەوێ پەردەپۆشی بکەن؟! ئایا ئەمە گەورەترین سوکایەتی کردن نی‌یە بە ئیحساسی هەموو ئەو دایك‌وباوکانەی کە تا مردن بە کۆستی لەدەست چوونی

www.kurdistannet.org
30-7-2003 2:43

منالّەکانیانەوە بەدەستی بەعس، ئەنالّێنن؟ ئایا ئەمە شەریك بوون نیيە لەو تاوانانەی بەرامبەر بە خەلّکی کوردستان لە ئەنفال، کیمیاباران، کاول کردنوڕووخاندنی مالّوحالّیان. . کراوە؟! تالّەبانیوبارزانی ئێستا چی بەخەلّك ئەلّێن؟! بەڕاستی بۆچی ئاوها بێدەنگن؟! ئەوان ئەبێ بیسەلمێنن کە چۆن ئاگایان لە مانەی پەنا دەسیتان نەبووەوئەی ئێستا چی ئەکەن لە بەرامبەریاندا. خۆ خەلّك هەمیشە هەر خۆلّ ناکرێتە چاویان.

بێدەنگی لە ئاست ئەم مەسەلەیەداو ڕانەگەیاندنی لیستی ناوەکانیان، درێژە دانە بە تاوان لەدژی خەلّك. خەلّکیش نابێ بەهیچ جۆرێك ئەمە قبولّ بکەن. ئەبێ بارزانیوتالّەبانیوسەرکردایەتی یەکێتیوپارتی بخرێنە ژێر فشارەوەو هەر ئێستا ئەو لیستە بە دوورودرێژی ڕابگەیەنرێ. ئێستا کاتی دادگایی کردنی هەموو ئەوانەیە کە دەستیان هەبووە لەو تاوانانەی بەعس لە کوردستان لە ڕێی بەکرێگیراوەکانیەوە ئەنجامی داوە.

گەر یەکێتیوپارتی لەژێر فشارێکی گەورەی جەماوەریدا دانەنرێن، ئەمەش وەك سالاّنی پێشوو پەردە پۆش ئەکەن.

وە جێی خۆیەتی ئەوەش بلّێم کە کەسانوئەندامانێك کە لە ناو یەکێتیوپارتی دا بوونوهێشتا ماون، وە بەرژەوەندیيەکیان لەگەلّ ئەم ڕەفتارانەی ئەواندا نیيە، بیر بکەنەوەو لەمە زیاتر تەمەنیان لەنێو ئەواندا بەهەدەر نەدەن. لە ڕیزەکانیان بێنەدەرو بەمجۆرە دەنگیان بخەنە پالّ دەنگی خەلّکی ئازادیخوازو هەموو قوربانیانی دەستی ڕژێمی وەحشی بەعس.

2003/07/27

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.